# سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر بە تورکیا:
# کورد و کۆتایی پرسی ویلایەتی مووسڵ
# (تەمموزی ١٩٢٣-حوزەیرانی ١٩٢٦)

د. نەجاتی عەبدوڵڵا
ئەکادیمیای کوردی- هەولێر/ هەرێما کوردستان- عیراق

## پوختە:

لە کۆنگرەی لۆزاندا، پرسی ویلایەتی مووسڵ بەچارەسەرنەکراوەیی مایەوە و دەرگای بۆ گفتوگۆی نێوان بەریتانیا و تورکیا کردەوە. بەمشێوەیە پرسی کوردستانی باشوور گرێدراوی پرسێکی نێودەوڵەتیی کرا تا یەکلایکردنەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان بەریتانیا و تورکیا. ئینگلیز لە دوای لۆزانەوە راستەوخۆ خەریك بوو پرسی کوردی دەخستەوە ناو بۆتەی عێراق و هەوڵی بەکێشکردنی کوردی دەدا بۆناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. تورکیا پێداگری لەسەر ریفراندۆم دەکرد بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ و بەریتانیاش بە توندی ئەمەی ڕەتدەکردەوە. بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆکان لە کۆنفرانسی ئەستەنبووڵ، مانگێك پێش کۆتایی هاتنی وادە نۆ مانگییەکە ئینگلیز پرسەکەی بۆ یەکلاییکردنەوە خستە بەردەم کۆمەڵەی گەلان. دوای ئەوە باری ناوچە سنوورییەکان ئاڵۆزبوون و تەق و تۆق و شەڕ ناوچە جێناکۆکەکانی گرتەوە. تورك دەیانەویست ئەوەی بە گفتوگۆ دەستیان نەکەوت بە شەر و جەنگ بەردەستی بخەن و بەرلەوەی لێژنەکان بگەن دەست بەسەر ناوچەکاندا دابگرن و بیانکەن بە ئەمری واقیع. ناوچەکە لەناو گرژی و شەردابوو. ئینگلیز داوای یەکلایکردنەوەی پرسی سنووری کرد و پرسەکەی خستبووە قاڵبی کێشەی سنوور و داوای دەکرد لێژنەیەکی بەدواداچونی ڕاستییەکان پێکبهێنرێت، لەکاتێکدا تورکیا داوای گەراندنەوەی ویلایەتی مووسڵی دەکرد بۆسەر تورکیا. پرسەکە بەچارەسەرنەکراوی مایەوە بەڵام داوا لەهەردوو لا کرا ڕێز لە رەوشی هەنووکەیی ناوچکە بگرن تا یەکلاکردنەوەی پرسەکە. لەگەڵ پەرەسەندنی تەقوتۆق و بەزاندنەکانی سنوور کۆمەڵەی گەلان لەسەر داواکاری بەریتانیا لە ٢٧ ی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە برۆکسێل بەست و دوو ڕۆژ دواتر هێڵێکی سنووری بۆ باکووری ویلایەتی مووسڵ دەستنیشانکرد کە بەناوی (هێڵی برۆکسێل) ناسراوە. هەروەها ئەو لێژنەیەی سێ کەسییەی کە کۆمەڵەی گەلان لە دەورەی سیەمینی لە ٣٠ ی ئەیلوولی١٩٢٤ لە ژنێف دیاریکردبوو بنێرێت بۆ ناوچەکە بۆ زانیاری کۆکردنەوە و بەدواداچوونی راستییەکان و راپۆرتی خۆی بخاتە بەردەم کۆمەلەی گەلان بۆ بریار لەسەردان. لێژنەکە دەستی بەکارەکانی کرد و کەوتە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستاویژەکانی هەردوو لا و سەرەتا سەردانی لەندەن و پاشان تورکیای کرد پاشان چوونە بەغدا و لە ٢٧ ی هەمان مانگیش چوون بۆ مووسڵ و دواتر سەری شارە کوردییەکانیشیاندا و دووپاتیان کردەوە، کە ئەگەر تەنیا پشت بە بیانووی ئیتنیکی ببەسترێت ئەوا دەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت. لێژنەکە لەژێر تاسیری بەریتانیا پێشنیازی کرد سنووری برۆکسێل وەك خۆی بمێنێتەوە بەمەرجێك: ١-عێراق لەژێر ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان بێ بۆ ٢٥ ساڵ.، ٢- خواستی کوردەکانیش لە ناوچەکە لەبەرچاو بگیرێت لەکاتی دامەزراندن و بەکارهێنانی زمانی خۆیاندا. دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە لە ئابی ١٩٢٥ تورکیا هێلی برۆکسێلی ڕەتکردەوە و گفتوگۆی راپۆرتی لێژنەکە خرایە دانیشتنی ٣٠ ی سێپتامبەری ١٩٢٥ و ئەنجومەن لە ١٦ ی دیسامبەری ١٩٢٥ بریارێکی یەکلایکەرەوە و گرینگی دا و ویلایەتی مووسڵی بە عێراقەوە لکاند. لەم باسەدا بەدرێژی باسی تێزەکانی هەردوو لا و شوێنی کورد لەم ململانێییەی نێوان و تورکیا و بەریتانیا و دواتر چارەنووسی کورد دوای یەکلاییکردنەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵ بەدیار خراوە لەدوای کۆنگرەی لۆزان تا ئەوەی دواجار لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ هەردوو حکوومەتی بەریتانیا و عێراق لە لایەك و حکوومەتی تورکیا لە لایەك ڕێکەوتنامەی ئەنقەرەیان مۆرکرد. ڕاستییەکەی ڕێکەوتنی ئینگلیز و تورکیا مانای جیاوازی هەبوو بۆ ئینگلیز و تورکیا و عێراق و کورد. بۆ ئینگلیز گەرەنتیەك بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی، بۆ تورکیا لەناوبردنی پرسی کورد و بۆ عێراق ڕێکەوتنێکی پر قازانج و بۆ کوردەکانی عێراقیش واتای زیندانێکی گەورە بوو کە بەریتانیا ناوی نا (دەوڵەتی عێراق).

***وشە سەرەکیەکان:*** *تورکیا، کورد، بەریتانیا، ویلایەتی مووسڵ، عیراق.*

## پێشەکی:

قۆناغی دوای کۆنگرەی لۆزان (٢٤ ی تەمموزی ١٩٢٣) لە سیاسەتی بەریتانیا بەرانبەر تورکیا بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵ و دواجاریش ڕێکەوتنامەی ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ ی نێوان تورکیا و بەریتانیا قوناغێکی زۆر ناسك و پڕ ڕووداو و چارەنووسیازە بۆ پرسی کورد و بەتایبەتیش بۆ چارەنووسی سیاسیی ئەم بەشەی کوردستان کە بەزۆر و بەخواستی ئینگلیز بە دەوڵەتی (عێراق)ەوە لکێندرا. ئەم باسەی ئێرە بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕووی سەرچاوە ئەرشیفییەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا بەشوێن قۆناغی دووەمی گفتۆگۆ و سیاسەتی بەریتانیا دەکەوێ لەبەرانبەر تورکیا لە قۆناغی پۆست لۆزانەوە تاوەکو ڕێکەوتنامەی بەریتانیا-تورکیا لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦. بەمپێیە مەودای کرۆنۆلۆژیای باسەکە تەنیا ئەم ماوەیە دەگرێتەوە و ناچێتە سەر قۆناغەکانی دیکە. باسەکە دابەشی سەر پێشبارێکی ڕێگەخۆشکەر و دوو تەوەرەی سەرەکی کراوە. لە تەوەرەی یەکەمی باسەکەدا لە قۆناغی پۆست لۆزانەوە تا دیسامبەری ١٩٢٥ دەکۆڵێتەوە و لە تەوەرەی دووەمیشدا لە دیسامبەری ١٩٢٥ تاوەکو ڕێکەوتنامەی ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ و چەسپاندنی سنووری نێوان تورکیا و عێراق و دەستبەرداربوونی تورکیا لە داواکرنی ویلایەتی مووسڵ دەگرێتەوە و تەواوی ئەم دوو تەوەرەش بەسەر یەکەوە بریتین لە بەشی دووەمین قۆناغی گفتوگۆکانی نێوان بەریتانیا و تورکیا .

کلیلەکانی باسەکە: سیاسەتی بەریتانیا، ویلایەتی مووسڵ، کورد، کۆنگرەی ئەستەنبووڵ، سێر پێرسی کۆکس، فەتحی بەگ، کۆمەڵەی گەلان، هێلی برۆکسێل، لێژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان، لیندسای، ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦.

پێشبار: لە پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆمەوە بۆ پەیماننامەی لۆزان ١٨٤٧-١٩٢٣

کورد کە تاوەکو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەناو دەوڵەتی عوسمانی ستاتوویێکی تایبەتی خۆی هەبوو و بەجۆرێك لە جۆرەکان حوکمڕانی ناوچە و دەڤەرکانی خۆی بوو. لەوەبەدوا زنجیرەیەك ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداریی، کە سەرۆکهۆز و میر و بەگە کوردەکان لە پێناو مانەوەی ئیمتیاز و دەسەڵاتی خۆیان سەرۆکایەتییان دەکرد بەشی زۆری ناوچە کوردەوارییەکانی کوردستانی عوسمانی گرتەوە. دەستنیشانکردنی سنووری عوسمانی-ئێرانی بە نێوانیکردنیی ڕاستەوخۆی بەریتانیا و ڕووسیا لە ڕێگەی پەیماننامەی ئەرزەرۆمی یەکەم (٢٨ ی تەمموزی ١٨٢٣) و دواتر پەیماننامەی ئەرزەرۆمی دووەم (٣١ ی ئایاری ١٨٤٧) سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە مێژووی کورد و کۆتایی سەرجەم میرنشینە کوردییەکانی کوردستانی عوسمانی و بەستنەوەیان بوو بە دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتی

عوسمانییەوە. لەوە بەدواوە پرسی کورد تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانیی خرایە ناو بۆتەی پەراوێزی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی. لێرەوە پرسی کورد دوو ڕەهەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی بەخۆیەوە گرت: ١- ڕەهەندی بە (عوسمانیکردن) و بە(ئێرانیکردن)ی پرسەکە، ٢- ڕەهەندی نێونەتەوەیی، واتە دەست بەسەرداگرتنی پرسەکە بەقازانجی هێزە گەورەکان بە مەبەستی فشار بۆ سەر هەردوو دەوڵەت. شایانی گوتنە کە سیاسەتی ئینگلیز لەگەڵ کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەبەرانبەر پرسی کورد هەر تەنیا (گەمەیەك) بووە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەناوچەکە و تا داگیرکردنی بەریتانیاش بۆ بەغدا (١١ی ئاداری ١٩١٧) بەریتانیا هیچ سیاسەتێکی کوردیی لەبەرنامەدا نەبوو، بەڵام لێرە بەدواوە جۆرە پەیوەندییەکی پراگماتیی لەنێوان کورد و ئینگلیز دورستبوو و جۆرێك لەیەك (نزیکبوونەوە) دروستبوو، بەڵام بۆ دوو ئامانجی زۆر جیاواز. ئینگلیز بۆ (دابینکردنی هێلەکانی پشتەوەی بەرەکانی جەنگ لە ناوچەکانی کوردستانی جنوبی) و کوردیش بۆ (ئازادی). دوای جەنگی یەکەمی جیهانییش کاتێك پرسی کورد وەك پرسێکلەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا (لەناکاو) خۆی هێنایە پێشەوە، هیچ کام لە دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان بە ئینگلیزیشەوە نەیاندەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا بکەن. لەدانیشتنی ڕۆژی ٣٠ ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا (کێ دۆغسەی) لە کۆنگرەی ئاشتی، کە لوید جۆرج سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی دەکرد لە مادەی دووەهەمدا بڕیاردرا هەموو نەتەوە غەیرە تورکەکانی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی ئازاد بکرێن و تەنیا ناوی (کوردستان) لەناو ناوەکاندا نەبوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ هەر لوید جۆرج خۆی پێشنیازی کرد کە وڵاتێك بەناوی (کوردستان) لەبیر کراوە و داوای کرد ناوی بخرێتە ناو لیستی ناوەکان و پێشنیازەکە قەبووڵکرا و (کوردستان) لە دوای (میزۆپۆتامیا) جێگەی بۆ کرایەوە[١]. هەر لەساتەوەختێکی زوو لەدوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییدا، بەریتانیا بۆخۆی پرسی کورد (واتە پرسی ویلایەتی مووسڵ)ی خستبووە ئەستۆی خۆیی و ڕێگەی نەدەدا هیچ لایەنێك دەست لە پرسەکە وەربدات. پاکتاوکردنی پرسی هەرێمە داگیرکراوەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لەنێوان دەوڵەتە کۆلۆنیالە سەرکەوتووەکانی جەنگدا، کێشەیەکی ئاڵۆز و پڕ گرێ و کێشە بوو. ئینگلیز لە کۆنفرنسی سان ڕیمۆ (١٩ نیسانی ١٩٢٠) دەیویست بگاتە ڕێکەوتنێك لەبارەی پرسەکانی پاش جەنگ. ڕاستە لە پەیماننامەی سیڤەر ( ١٠ ی ئابی ١٩٢٠) لەبەر ڕستێك هۆکاری جیۆپۆلەتیکی بۆ یەکەمجار پرسی کورد بەنێودەوڵەتیی کرا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی زۆر بچووکی کوردیی مەرجدار لەسەر نزیکەی (سەدا بیستی خاکی کوردستان) بڕیاری لەبارەوە درا. لێرەوە (پرسی کورد) کەوتە نێوان بەرداشی ناکۆکی و کێبەرکێی ئینگلیز وفەڕەنسا و ئەمە بۆخۆی بوو بەسەرەتای نزیك بوونەوەی فەڕەنسا و مستەفا کەماڵ و دواتریش ڕیکەوتنی نێوان هەردووڵا و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کێشانەوەی ئیمزای فەرەنسا لەسەر پەیماننامەی سیڤەر و دواتر ئیتالیا هەمان ڕێچکەی فەرەنسای گرتەبەر و لەم ناوەدا ئینگلیز بەتەنیا لەبەرانبەر مستەفا کەمالدا مایەوە. لەگەڵ نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٢١ ئیدی بزووتنەوەی مستەفا کەمال بەسەر پێی خۆی کەوتبوو و ببووە هێزێکی گەورە. بەریتانیا لەبەرانبەر دوو ئەگەر دابوو: ١- ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی بە تاقی تەنیا لەگەڵ هێزەکانی مستەفا کەمال کە ئەمە هەموو پرۆژە ستراتیجییەکانی بەریتانیای لەناوچەکە بەرەو نادیاریی دەبرد و دەیشێواند.، ٢- سیاسەتی کرانەوە بەرەو ڕووی مستەفا کەمال و رێککەوتن لەگەڵیدا. ئینگیز ڕێگەچارەی دووەمی هەڵبژارد و نرخی رێککەوتنی نێوان ئینگلیز و مستەفا کەمال لەگۆڕنانی (پرسی کورد) و هەڵوەشاندنەوەی یەکجارەکی پەیمانامەی سیڤەر بوو. ئینگلیز هیچ پلانێکی بۆ چارەسەری پرسی کورد پێنەبوو جگە لە بەکارهێنانی پرسی کورد وەك (کارتی فشار) و دوای دووساڵ ئینگلیز و تورك لە کۆنگرەی لۆزان ( ٢٤ ی تەمموزی ١٩٢٣) دا ڕازی نەبوون کورد ستاتووی (کەمینە نەتەوە)شی پێبدرێت. ئەم باسەی ئێمە نەچۆتە ناو وردەکاری سیاسەتی بەریتانیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی تا کۆنگرەی لۆزان[٢] و تەنیا تایبەتە بە سیاسەتی بەریتانیا لە دوای کۆنگرەی لۆزانەوە تا ڕیکەوتنی لەگەڵ بەریتانیا لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ ، کە تێیدا سنووری نێوان تورکیا و عێراق بەیەکجاری جێگیر کرا و پرسی مووسڵ بە قازانجی بەریتانیا یەکلاییکرایەوە و بڕایەوە.

## تەوەرەی یەکەم: پرسی مووسڵ لە پەیوەندییەکانی ئینگلیزی-تورکیدا (قوناغی دووەم: تەمموزی ١٩٢٣-دیسامبەری ١٩٢٥).

### لە کۆنگرەی لۆزانەوە بۆ کۆنگرەی ئەستەنبووڵ (١٩٢٣-١٩٢٤).

لە کۆنگرەی لۆزان ( ٢٤ ی تەمموزی ١٩٢٣) دا، پرسی ویلایەتی مووسڵ بەچارەسەرنەکراوەیی مایەوە بەڵام دەرگای بۆ گفتوگۆیەکی مەرجدار لەنێوان بەریتانیا و تورکیا کردەوە. لە ماددەی (٣)، بڕگەی (٢) دا هاتووە: (لەگەڵ عێراق: سنووری نێوان تورکیا و عێراق بەشێوەیەکی دۆستانە لەنێوان تورکیا و بەریتانیای مەزن لەماوەی نۆ مانگدا یەکلایی دەکرێتەوە، خۆ ئەگەر لەو ماوەیەشدا هەردوو حکوومەت نەگەیشتنە ڕێکەوتن ئەوا کێشەکە دەخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان و هەردوو حکوومەتی تورکیا و بەریتانیا پەیمان دەدەن کە تاوەکو بڕیار لەسەر سنوور دەدرێت هیچ جوولەیەکی سەربازی نەکەن، کە ببێتە هۆی گۆڕینکاری لە ڕەوشی هەنووکەیی (*Statu que*) لەو ناوچانەی، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چارەنووسی بەندە بەم بڕیارەوە)[٣]. ڕۆژی ٥ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ هەر هەمان ئەو ڕۆژەی کە هێزی هاوپەیمانەکان لە ئەستەمبووڵ کشانەوە، گفتوگۆی ڕەسمی نێوان بەرتیانیا و حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی یادداشتنامەیەك کە کارگوزاری بەریتانیا بۆ لای حکوومەتی تورکیای ناردبوو دەستپێکرد. ئەو ماوەیەی کە دانرابوو بۆ وتووێژ لە ٥ ی تەمموزی ١٩٢٤ کۆتایی هات بەڵام بەهۆی دواکەوتنی حکومەتی تورکیا گفتۆگۆکان تا ١٩ ی ئایاری ١٩٢٤ دەستی پێنەکرد[٤]. ڕاستییەکەی هەردوولا پێویستیان بە (کات) کوشتن و (دواخستن) هەبوو. وەفدی ئینگلیز بەسەرۆکایەتیی سێر پێرسی کۆکس و وەفدی تورك بەسەرۆکایەتیی فەتحی بەگ بوو و لە قاسم پاشا لە ئەستەنبووڵ کۆبوونەوە، بەڵام هێندەی نەبرد کۆنگرەکە بە بنبەست گەیشت. لە یەکەم دانیشتندا وەفدی تورك فەتحی بەگ بەڕوویێکی تایبەت پێی لەسەر دروشمی برایەتی تورك و کورد و حەقیقەتی ئەوەی بەشێکی ویلایەتی مووسڵ هی تورك و کوردە داگرت[٥]. بەڵام سێر پێرسی کۆکس وەك تاکتیکێکی دیپلۆماسی لە بڕێتی ئەوەی وەڵامی داخوازییەکانی تورك بداتەوە، سیستمی پاراستنی بەریتانیای بۆ کەمینە نەتەوەی ئاسووری لەناوچەکە هێنایە پێشەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك هەمان داوای بۆ کوردەکان نەکرد و داوای لە تورکیا کرد دان بە سیستمی پارێزگاریی بەریتانیایی دابنێت و بەشێك لە خاکی ویلایەتی مووسل یان پێببەخشێ و ڕایگەیاند کە هیوادارە حکومەتی تورکیا بەدەم داوای خواستەکانی بەریتانیاوە بێت[٦]. پاشان کۆکس باسی هێلێکی نوێی سنووریی کرد و هەڕەشەی ئەوەشی کرد ئەگەر لەسەر ئەم هێلە سنوورییە ڕێککەوتن نەکرێ کە لەو پێشنیازەدان کە هەر ئێستا خراوەتە بەردەم حکوومەتی تورکیا ئەوا حکوومەتی بەریتانیا داوا دەکات کەیسەکە بخرێتە بەردەم کۆمەڵەی گەلان[٧]. ڕاستییەکەی بەریتانیا لە داواکردنی پاراستنی ئاسووریەکان ڕاستگۆ نەبوو و تەنیا تەکتیکێکی نوێ بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی مووسڵ، بەتایبەتیی لە کاتێکدا ئیدی (کارتی کورد) لە دوای کۆنگرەی لۆزان سوودێکی ئاوای نەمابوو. بۆیە بەریتانیا کاغەزی ئاسوورییەکانی بەرزکردەوە کە دواتر دوای ڕێکەوتنی ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ وازی لەم بیرۆکەیە هێنا. لە دانیشتنی ٢١ ی ئایاری ١٩٢٤ کۆنگرەی ئەستەنبووڵ، فەتحی بەگ بە کۆکسی گوت (با لەوە دەستپێدەکەن کە لە کوێ کۆرزۆن لە لۆزان کۆتایی پێهێنا، ئێوە وا کێشەیەکی تازەتان خستەڕوو. دەمەوێ لەبارەی دوارۆژی ئاسووریەکان قسە بکەم. ڕاستییەکەی ئێوە بۆ دابینکردنی ئەم دوارۆژە داوای پاراستنی ئینگلیز و لکاندنی خاکێك دەکەن، کە ئاڵای تورکیای لەسەردا دەشەکێتەوە. لە کۆنگرەی لۆزان تێزی بەخشینی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانتان هێنایە پێشەوە، بەڕێزیشتان لە بەرایی داواکاریەکانتان داوای پاراستنی ئاسوورییەکان دەکەن)[٨]. تورکیا چاك دەیزانی کە داوای ئینگلیز لەبارەی ئاسوورییەکان تەنیا کاغەزێکی نوێی فشارە بۆیە زۆر بە توندی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

داواکەی بەریتانیای ڕەتکردەوە. لە دانیشتنی ٢٤ ی ئایار، سێر پێرسی کۆکس وەڵامی فەتحی بەگی دایەوە (دەمەوێ وەبیر بەڕێزتان بهێنمەوە کە لۆرد کۆرزۆن پابەند بووە بە تێڕوانینی لەبارەی ویلایەتی مووسڵ و خۆی بەدوور گرتووە لە هەوڵدانی دیاریکردنی سنووری باکووری و بە ئانقەست ئەوەی بۆ بەرپرسیاریەتی پسپۆرانی هەردوولا هێشتۆتەوە)[٩]. فەتحی بەگ ئەوەی خستەڕوو کە ئیدی مەسەلەکە پێوەندی بە پرسی ویلایەتی مووسڵ نەماوە مادام بەریتانیا تێڕوانینی خۆی گۆڕیوە، کە لە لۆزان لەسەریدا ڕازبووە. ئێستا وا داوای بەشێکی سنجاقی هەکاری و بەڵکو تەواوی هەر سێ بەشی (شەمدینان)، (بەیتولشەباب) و (جۆلەمێرگ) دەکات، کە لە دووری چەند کیلۆمەترێك لەناوەندی ئەو قەزایەوە کە دەبێ لەژێر دەستی تورکیا بمێنێتەوە[١٠]. دواجار لە دواین ڕۆژی کۆنفرانس وەفدی تورك ڕایگەیاند گەرچی ئێستا ویلایەتی مووسڵ بەشێوەیەکی کاتیی لەژێر دەستی بەریتانیادایە، بەڵام بەشێوەیەکی قانوونی بەشێکە لە تورکیا[١١]. دواجار فەتحی بەگ داوای ئینگلیزەکانی سەبارەت بە هەکاری ڕەتکردەوە و پێی وابوو کە ئەمە ناکۆکە لەگەڵ ڕۆح و تێکستی کۆنگرەی لۆزان[١٢]. پاش ئەوەی کۆنگرەی ئەستەنبووڵ بە بنبەست گەیشت، سێر پێرسی کۆکس ناچار بوو پرسەکە ڕەوانەی بەردەم کۆمەڵەی گەلان بکات. بەڵام وەفدی تورکیا ئەمەی ڕەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی ئەمە لە دەرەوەی توانای ئەوانە. کۆکس بە فەتحی گوت: ( لەم ڕەوشەدا چونکە من ڕاوێژم لەگەڵ بەڕێزتان کردبوو کە بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانم دەبێ ڕادەیەك بۆ مفاوەزات دابنرێت و من دەگەڕێمەوە بۆ لەندەن)[١٣]. وەفدی ئینگلیز لە ٩ ی حوزەیران ئەستەنبوولی بەجێهێشت و بۆ بەیانییەکەی لە ڕۆژنامەی (جەمهورییەت) ژمارەی ١٠ ی حوزەیران فەتحی بەگ ڕەخنەی لە ڕاگەیاندنەکانی کۆکس گرت کە (دانیشتوانی ئەم سێ پارێزگایە هەر هەموویان مووسڵمانن)[١٤]. دواجار بە مانگێك بەرلەوەی مۆڵەتە نۆ مانگییەکە بە کۆتا بێت، حکوومەتی خاوەندشکۆی بەریتانیا پرسەکەی ڕەوانەی بەردەمی کۆمەڵەی گەلان کرد .

## شەڕوشۆڕ و پێکداداني سەرسنوور

دوای سەرنەکەوتنی کۆنگرەی ئەستەنبووڵ، ڕەوشی ناوچە جێناکۆکەکان ئاڵۆزی و گرژی زۆریان بەسەردا هات، حکوومەتی تورکیا پێی وابوو ئەوەی کە لە مفاوەزات لە دەستی داوە دەتوانێ بە جەنگ بەردەستی بخات. جەعفەر ئەلتەیار، یەکێك لە گەورە ئەفسەرانی سوپای تورکیا داوای لە مستەفا کەمال کرد (تۆڵە لە ئینگیزەکان بسەنێتەوە کە ئاگربەسی مۆدرۆس یان پێشیل کردووە و خواستی دانیشتوانی مووسڵیان ڕەچاو نەکردووە)[١٥]. ئینگلیزەکان لە نزیکەوە چاوەدێری ڕەوشەکەیان دەکرد و هێزی سەربازی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

زیاتریان بۆ فیشخابوور نارد بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و ئارامکردنەوەی ئەو هاوولاتیانەی کە پڕۆپاگەندەی تورک کاری تێکردبوون[١٦]. لەسەرەتای مانگی ئابی ١٩٢٤ تورکیا ویستی ناوچەی باشووری هەکاری بگرێتەوە، بەڵام هێزە میلیشیاکانی ئاسوورییەکان، کە لە دۆڵی زاب دا بوون، کەمینیان بۆ دانان و توانیان والی جۆلەمێرگ بە دیل بگرن و بردیانە بەردەم سەرکردەی ئاسوورییەکان لە دەوروبەری شاری مووسڵ[١٧]. لەو ساتەدا حکوومەتی بەریتانیا یادداشتنامەیەکی لەبارەی سنووری نێوان تورکیا و عێراق ئامادەکرد لەگەڵ نەخشەیەکی سنوور کە دیدگای حکوومەتی بەریتانیا بوو بۆ هێلی سنووری نێوان تورکیا و عێراق پێشکەشی بە کۆمەڵەی گەلان کرد. ئەم یادداشتنامەیە لە بنەواندا هەر هەمان ناوەڕۆکی ئەم بیانووانەی ئینگلیز بوون کە لە کۆنگرەی لۆزان و ئەستەنبووڵ خستبوویە ڕوو. ئامانجی ئینگلیز لە خستنە ڕووی بابەتەکە (دیاریکردنی هێلی سنوور) بوو نەك (گەڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ). لە لای خۆیەوە حکوومەتی تورکیا لە ٥ ی سێپتامبەری ١٩٢٤ یادداشتنامەیەك و نەخشەیەکی سنووری لە ڕوانگەی تورکیاوە پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرد. تورکەکان لە یادداشتنامەکەیاندا پێیان لەسەر ئەوە داگرتبوو، کە پرسی (گەڕاندنەوەی ویلایەتی مووسڵ) لە ڕێگەی (ڕیفراندۆم) چارەسەر بکرێت[١٨]. لە ٧ ی ئەیلوول فەتحی بەگ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك پێش سەفەری بۆ جنێڤ بە ڕۆژنامەنووسانی وت کە دیدگای حکوومەتی تورکیا بە سادەییەوە ئەوەیە کە (ئەگەر ڕیفراندۆم کرا لە ناوچەی مووسڵ ئەوا بێگومان زۆرینە خواستی خۆیان لە پەیوەست بوون بە تورکیاوە دەردەبڕن)[١٩].

## لەبەردەم کۆمەڵەی گەلان دا

کۆمەڵەی گەلان لە دانیشتنی سیەمیندا پرسی ویلایەتی مووسڵی هێنایە بەرباس. وەفدی تورکیا بەسەرۆکایەتیی فەتحی عەلی بەگ بە هاوەڵی مونیر ساڵح و ئیسحاق عەونی بەشداربوون[٢٠]. وەفدەکە لە ٢٠ ی سێپتامبەری ١٩٢٤ لەبارەگای کۆمەڵەی گەلان لە جنێڤ چاویان بە لۆرد پارموور کەوت. پارموور بە فەتحی بەگی وت کە بەریتانیا دەیەوێ چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ پرسەکە بدۆزێتەوە و هەردوو دەوڵەتیش لەبەردەم کۆمەڵەی گەلان وەکو یەك یەکسانن. پارموور بیانووە کۆنەکانی کۆرزۆنی هێنایەوە کە ڕیفراندۆمی میللیی ڕەتکردەوە و کۆتایی قسەکانی بەوە هێنا کە لیژنەیەکی تایبەت بۆ دیراسەکردنی پرسەکە پێکبێت و ڕاپۆرتێك لەوبارەیەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بکەن. فەتحی بەگ لای خۆیەوە بانگاشەی ئەوەی کرد کە هەموو دانیشتوانی مووسڵ پەیوەستن بە تورکیا و بەڵام ئەو نازانێ چۆن لیژنەیەك دەتوانێ خواستی گەل دیاریبکات[٢١]. لە ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٢٤ وەفدی تورکیا ڕایگەیاند کە ئەوان هەر سوورن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا ە .برانتینگ (سوێدی) وەکو دەمڕاستی لێژنەکە دەستنیشان بکات. برانتینگ دوو پرسی خستەڕوو کە لە ڕاستیدا لە لایەك زانینی چۆن نوێنەرانی بەریتانیا و تورکیا کۆمەگ لە ئەنجومەنی گەلان وەردەگرن وەك لە ماددەی (٥) ی لۆزاندا هاتووە و لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ئەرکی ئەو ئەنجومەنە تەنیا هەڵبژاردنێکی سادە و پوخت بێ لەنێوان دوو تێزی ناکۆکدا، ئایا دەتوانێ بەدوای چارەسەرێکی دیکە بڕوات کە پێی وابێ دادوەرانەترە[٢٢]. ئینگلیز دەیوست تورکیا ناچار بە بڕیارەکانی ئەنجومەن بکات. فەتحی بەگ گوتی هیچ ناکۆکییەك لەنێوان حکوومەتەکەی و حکومەتی بەرتیانیادا نییە بەڵام دەبێ ئەنجومەن لە بڕیارەکانیدا خواست و ئاواتەکانی دانیشتوان لەبەرچاوبگرێت و دواتر وەفدی بەریتانیا و تورکیا هەردوولا بە ڕەوشی هەنووکەیی ٢٤ ی تەمموزی ١٩٢٤ ڕەزامەند بوون[٢٣]. بەمەبەستی ڕێککەوتن لەسەر بەردەستدراوەکانی واقع و هەڵسەنگاندنی پێویست بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکە بەگوێرەی ماددەی (٣) بڕگەی (٢) لە پەیماننامەی لۆزان ئەنجومەن بڕیاریدا کە لێژنەیەك لە سێ ئەندام پێك بێت، کە دواتر ئەم لێژنەیە هەموو زانیارییەکان و پێشنیازەکان کە یارمەتی بڕیارلەسەردان بدات کۆدەکەنەوە و دەیخەنە بەردەم ئەنجومەن. لێژنە سێ کەسییەکە بریتیبوون لە برانتینگ (سوید)، کینیون دولیۆن (ئەسپانیا) و گوانی (ئۆرۆگوا) بەگوێرەی بڕیارێك لە ٣٠ ی سێپتامبەری ١٩٢٤ لێژنەکە دەست بەکاربوو[٢٤].

## ڕووداوەکانی سەر سنوور

دوای پێکهێنانی لێژنەی تایبەت بە بەدواداچوونی ڕاستییەکان لەلایەن کۆمەڵەی گەلان، ڕستێك پێکدادانی نوێ لەسەر سنوور ڕوویاندایەوە. تورکەکان دەیانویست پێش گەیشتنی لێژنەکە ناوچە جێناکۆکەکان داگیربکەن و بۆیە هێزەکانیان لە جەزیرەوە لە ڕووباری هیزل لە باکووری عێراق لە دووری چەند کیلۆمەتری زاخۆ پەڕینەوە بەڵام هێزی ئاسمانیی بەریتانیا تارۆماری کردن[٢٥]. لە ١٤ی سیپتامبەری ١٩٢٤ هێزەکانی تورکیا هاتنە ناو ئەو ناوچەیەی، کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دا بوو پێش ٢٤ ی تەمووز لەوێ بوون و تۆڵەیان لە ئاسوورییەکان کردەوە و ئاواییەکانیان سووتاندن[٢٦]. لە ١٢ ی سێپتامبەر حکوومەتی بەریتانیا ئۆلتیماتیۆمێکی دایە تورکەکان و داوای لێکردن لەماوەی چلوهەشت کاتژمێردا لەهەموو ناوچە جێناکۆکەکان بکشێنەوە. تورکەکان گوێیان بە ئۆلتیماتیۆمەکە نەدا. دوای ئەوە هێزی ئاسمانیی بەریتانیی ڕۆژانی، ١٤، ١٧ و ٢٠ ی سێپتامبەر بۆردومانی کردن[٢٧]. بەڵام بۆردومانی فڕۆکەکانی بەریتانیا نەیانتوانی بەر لە هێزەکانی تورکیا بگرن و بەپێچەوانەوە هێزی پشتیوانی زیاتریان بۆ هات و تا ئاوایی (چەڵکی) لەسەر ڕووباری خابوور ڕۆیشتن و پۆستەکانی سەر سنووری عێراقییان ناچارکرد ڕابکەن و



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان

لەشوێنیانەوە پۆستی تورکیا دانران و لەشکری تورك تا ئاوایی (ئاشووت) پێشڕەوییان کرد[٢٨]. لە گێژەنی ئەم شەڕوشۆڕەدا سوپای تورکیا دەستی بەسەر چەند بەشێکی خاکی ویلایەتی مووسڵ دا گرت و بۆ بەریتانیا ئاسان نەبوو بەری ئەم سوپایە بگرێت. وەفدی تورك یادداشتنامەیەکی ناڕەزایی دژ بە ئۆپیراسیۆنی ئاسمانیی سوپای بەریتانیا و پێشێلکردنی دۆخی ڕەوشی هەنووکەیی پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان کرد. لە ٣٠ ی سێپتامبەر لۆرد پارموور بەناوی بەریتانیای فەخیمەوە دوو یادداشتنامەی پێشکەش کرد و بەرپرسیارەتییەکەشی خستە ئەستۆی تورکەکان. لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەر عیسمەت پاشا لەبارەی ویلایەتی موسڵ گوتی (ئێمە ئاشتیمان دەوێ، ڕێکین لەسەر ئەوە، بەڵام مووسڵیشمان دەوێ)[٢٩].

## هێڵی برۆکسێل

لەپێناو بەرگرتن لە پەرەسندنی پێکدادانەکانی سەر سنوور کۆمەڵەی گەلان لە ٢٧ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٤ کۆبۆوە و داوای لە هەردوولا کرد دەستبەرداری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ببنەوە و ڕێز لە ڕەوشی هەنووکەیی بگرن. لۆرد پارموور شەرحێکی ڕەوشی هەنووکەیی کرد پێش ٢٤ ی تەمموزی ١٩٢٤ و ئیدانەی هێرشەکانی سوپای تورکیای کرد. پارموور نەخشەیەکی سنوری نیشاندا کە بە هێڵی شینی خاڵ خاڵ کێشرابوو کە دەکەوتە باکووری هێڵێکی دیکەی سووری خاڵ خاڵ. هێڵە شینە خال خاڵەکە ئەو هێڵە سنوورییە بوو، کە دەبێ پەیڕەوی لێ بکرێت و ئەنجومەن لە کاتی چەسپاندنی سنوور وەك ئەوەی بەریتانیا وای دەبینێ جێگیر بکرێت.بیانووەکانی ئەم هێڵە ئیتنی، ئابووری و ستراتیژی بوو و لەکاتی خۆی پێشکەش بەو لێژنەیەی دەکەن، کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان دیاری دەکات. ئەو هێڵە سوورە خال خاڵییەی کە کێشراوە لە جنووبی هێڵە شینەکەوەیە، ئەو هێڵەیە کە لە ساڵی ١٩٢٣ لەژێر ئیدارەی دەسەڵاتی عێراق بوو تا ئەو هێڵەی ئەو ناوچەیەی کە ئێستا حکوومەتی بەریتانیای لێیە و کۆمەڵەی گەلان ئەرکی پاراستنی عێراقی پێ سپاردووە. بەریتانیا دووپاتی کردەوە کە لەم ناوچەیەوە تا جنووبی هێڵە سوورەکە هەبوونی هەر جۆرە بزاوتێکی عەسکەریی حکوومەتی تورکیا پێشێلکردنی ئەو ئیلتیزامەیە کە لە لۆزاندا لەسەری ڕێککەوتوین[٣٠]. لە ٢٩ ی ئۆکتۆبەر دەمڕاستی لێژنە گوتی ( ناکۆکی لە نێوان هەردوو لادا هەیە، بەڵام ئەو شەرحانەی کە هەردوو وەفدەکە و پسپۆڕەکانی هەردوو حکوومەت داویانە بەتەك نەخشەگەلی پێشکەشکراو ڕێگەیان بە دەمڕاستی ئەنجومەن داوە بە یاریدەی نوێنەرانی ئەسپانیا و ئۆرۆگوا بڕیارێك بدەن کە ئەم ناکۆکییە واهێندە گەورە نییە)[٣١]. لێژنەکە پێشنیازی هێڵێکی سنووریی کرد کە دەبوو هەردوولا لەڕووی عەسکەری و ئیدارییەوە ڕێزی لێ بگرن. هەردوو حکوومەت ڕازی بوون کە

بکشێنەوە ئەو دیوو هێلە سنوورییەی کە دەمڕاستی بەلجیکی برانتینگ پێشنیازی کردبوو و ئەم هێلە بەشی زۆری لەگەڵ ڕەوتی ڕووباردا دەڕۆیشت زیاتر لەوەی بە لووتکەی چیاکاندا بڕوات. ئەنجومەن پرۆژەی قانوونێکی خستەڕوو کە هێلە کاتییەکەی لەگەڵ نەخشەیەك خستەڕوو و هەردوولاش بەهێلە کاتییەکە کە بەناوی (هێلی بڕۆکسێل) چووەتە ناو مێژووەوە ڕازی بوون.

## کۆتایی پرسی مووسڵ

سەرۆکی ئەنجوومەن و هەروەها دەمڕاستی لیژنەکە بانگەوازێکیان ئاراستەی کۆنت تێلکی (سەرۆکوەزیرانی پێشووی هەنگاریا) و ویرسێن (وەزیری فەوقەلعادەی سوێدی) و کۆلۆنێلی بەلجیکی پۆلیس کرد. هەموو ڕازی بوون لەسەر ئەوەی بەرپرسیارەتی لێژنەکە بگرنە ئەستۆ و لە ١٣ ی نۆڤەمبەری ١٩٢٤ لە جنێڤ کۆبوونەوە[٣٢]. لە ١٧ ی نۆڤەمبەر سکرتێری کۆمەڵەی گەلان بە عیسمەت پاشای گوت کە ئەنجومەن لێژنەیەکی پێکهێناوە بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکان و تازە دەستیان بە کارەکانیان کردووەو لێژنەکە دەیەوێ سەرەتا بچێتە لەندەن و دواتر ئەنقەرە وەك ئامادەکارییەك بۆ سەردانیکردنی ناوچە کێشەلەسەرەکان[٣٣]. بەرلەوەی لێژنەکە بگاتە ناوچەکە هەردوو حکومەتی بەریتانیا و تورکیا لەناو کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ کەوتنە بانگاشە کردن. لە کانوونی دووەمی ١٩٢٥ سەرۆکوەزیرانی عێراق عەبدولموحسین سەعدون سەری کوردستانی دا و وادەی زۆری بە کوردەکان دا ئەگەر بێنە ناو عێراقەوە[٣٤]. تورکیا دەیەویست بە کۆمەگی لایەنگیرەکانی هەزاران ئاڵای تورکیا لەسەر پەنجەرەی ماڵەکان لەناو شاری مووسڵ و شارەکانی دیکە کە لێژنەکە سەردانیان دەکات بەرز بکاتەوە[٣٥]. لێژنەکە بەرلەوەی سەردانی ناوچەکە بکات دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی کارنامەکانی کۆنگرەی لۆزان و دانیشتەکانی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان و ئەو یادداشتنامانەی کە هەردوو حکوومەتی تورکیا و بەریتانیا پێشکەشیان کردوون. لێژنەکە چووە لەندەن و لەوێ وەزیری دەرەوە و وەزیری کۆلۆنیالەکان پێشوازی لێکردن. دواتر چوو بۆ ئەستەنبووڵ و لە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ چوو بۆ ئەنقەرە و دواتر بۆ قۆنیە و مستەفا کەمال پێشوازی لێکردن و لە ١٦ ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ بەرێگەی دیمەشق و بە بیابانی سووریا گەیشتنە بەغدا. لە بەغدا لە ١٧ ی کانوونی دووەم مەلیك فەیسەل پێشوازی لێ کردن و پێی وتن کە مووسڵ بۆ عێراق وەك (سەر وایە بۆ جەستە)[٣٦]. لێژنەکە لە مووسڵ چەند ڕۆژێك مانەوە و دواتر چوونە کوردستان: سەردانی ئەربیل، کۆیە، ڕەواندوز، سلێمانی و کەرکووکیان کرد .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## دەرئەنجامەکانی ڕاپۆرتی لێژنەکە:

**لەڕووی جیۆپۆلیتیکەوە: هێلی برۆکسێل هێلێکی چاکە بۆ سنوور.**

١. لەڕووی ئیتنییەوە: وڵاتەکە کورد، عەرەب، مەسیحی، تورك، ئێزیدی و جووی تێدایە. ئەو ئامارانەی هەردوولا بەرزیان کردۆتەوە ورد نین و ئەو ئامارەی نوێیەی حکوومەتی عێراق کردوویە دروستە. کوردەکان زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن و ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئیتنیکی بەتەنیا سەیری بکەین ئەوا دەبێ داوای دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بکەین بەجۆرێك کوردەکان پێنج لە هەشت بەشی دانیشتوان پێکدەهێنن، خۆ ئەگەر ئێزیدییەکان هاونەژادی کوردەکان و تورکمانەکان کە بەئاسانی لەناو کوردەکان دەتوێنێنەوە و ئەم ڕوانگەیە وەربگرین ئەوکات کوردەکان دەبن بە (حەوت) لەسەر (دە)ی دانیشتوان.

٢. لەڕووی مێژووییەوە: نکۆلی لەوە ناکرێت کە ئەم خاکە چەندی سەدە لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بووە، ماوەیەکی درێژ لەرێگەی والییەکانی بەغداوە بەڕێوەبردراوە و هەمان چارەنووسی ویلایەتی بەغدای هەبووە. بیانووە مێژووییەکان بۆ ئەوە دەچن کە یەکێتی مێژوویی ئەم خاکە نەپچرێندرێت.

٣. لەڕووی ئابوورییەوە: ئیمتیازاتی ئابووری هەمیشە بەقازانجی ئەوەیە، کە ئەم ناوچە جێناکۆکانە بە عێراقەوە بلکێندرێن .

٤. لەڕووی ستراتیجییەوە: ئەو سنوورەی کە لە لایەن حکوومەتی بەریتانیاوە داندراوە سنوورێکی ستراتیجی نایابە. هێلی تەقلیدی برۆکسێل دەستکەوت و خاسیەتی وێکچووی نزیکی هەیە. هەرچی ئەو سنوورەیە کە لە لایەن تورکیا دانراوە، لەبەشی ڕۆژئاوایی زۆر باشە و کاتێك دەگاتە بیابان لەبەشی ڕۆژهەڵاتیی زۆر باش نییە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

(نەخشەی ئیتنۆگرافی ناوچە جێناکۆکەکانی ویلایەتی مووسڵ)




**سەرچاوە:**

« La Question de Mossoul devant la Société des Nations », In *l'Asie Française*, n° 234, août –septembre 1925, p. 259.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دواجار کۆی گشتیی ڕاپۆرتەکە ئەوە دەرئەنجام دەکات کە: (بەگوێرەی بەرژەوەندی دانیشتوان، لێژنەکە وایدەبینێت کە سوودێکی زۆری بۆ خەلکەکە دەبێ بەوەی ناوچە جێناکۆکەکان دابەش نەکرێن)[٣٧]. لێژنەی کۆمەڵەی گەلان ڕای خۆی بەوەدا کە بە لەبەرچاوگرتنی ئابووری بەقازانجی پێکەوەلکاندنی ئەم ناوچە جێناکۆکانە کار دەکات. ڕاپەڕینێکی چەکداریی کورد ڕێك لە شوبات-ئاداری ١٩٢٥ لەسەرەوەختێکی زۆر ناسك سەریهەڵدا. ئەو داپلۆسینە وەحشیگەرانەیەی کە تورکەکان شۆڕشی ١٩٢٥ یان پێ دامرکاندەوە هەموو هیوایەکی پێکەوەژیانیی کورد و تورکی لەناوبرد. م. ئۆکی نووسیوویە کە حکوومەتی بەریتانیا لە دوو لایەنەوە سوودی لە ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) وەرگرت. لە لایەکەوە ئاگری ڕاپەڕینێکی چەکداریی لە تورکیا داگیرساند و بوو بە کۆسپ لەسەر ڕەوتی هەموو مانورێك لە باکووری ویلایەتەکانی کێشە لەسەرەکە. لە لایەکی ترەوە ئەمە بەس بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی تێزی برایەتیی تورك-کورد[٣٨]. پرۆفیسۆر لویس لوفیر ڕایگەیاند کە ڕاپەڕینی شوبات-ئاداری ١٩٢٥ بە دیاریکراویی لەکاتی لێژنەی بەدواداچونی کۆمەڵەی گەلان تەقییەوە و بوو بەهۆی بەدرۆخستنەوەی ئاشکرای دووپاتکردنەوەکانی تورکیا کە هەموو کوردەکان داوای پێکەولکاندن دەکەن بە تورکیا. تورکەکان هەستیان بە پەشیمانی کرد کە نەیانتوانی چەند مانگێك بووەستن تاوەکو ئەو گەواهیدەرە نیگەرانیکەرانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا و ئەوسا بە ئارەزووی خۆیان دەستیان بکردبوایە بە تورکیزەکردنی کوردستان[٣٩]. لە ١٦ ی تەمموزی ١٩٢٥ کۆمەڵەی گەلان ڕاپۆرتی لێژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکانی پێشکەش بە تورکیا کرد. دوای هەفتەیەك تورکیا ڕاپۆرتەکەی ڕەتکردەوە. سوپاکەی لەسەر سنووری مووسڵ مۆل دا و پەنجا هەزار سەربازی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا کۆکردەوە[٤٠]. لەنامەیەکدا جەنەراڵ هاورس بۆ هوار نیگەرانیی خۆی دەردەبڕێ کە تورکیا هێرشێکی گەورە بکاتە سەر عێراق. لە ١٥ ی ئابی ١٩٢٥ حکوومەتی تورکیا سکاڵای دژ بە پێشێلکارییەکانی هێلی برۆکسێل لە لایەن بەریتانیاوە بەرز کردەوە و بەهەمانشێوە بەریتانیاش دژ بە تورکیا لە ٣ ی سیپتامبەری١٩٢٥[٤١]. ئۆستن داوای لە تۆفیق ڕوشدی بەگ و مونیر بەگ کرد، کە وەك نوێنەرانی تورکیا ئامادەی دانیشتنی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بن بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی سکاڵای هەردوولا. پرسی کورد کابووسی هەرە گەورەی حکوومەتی تورکیا بوو بەو پێیەی هەبوونی بەشێکی کورد لە ویلایەتی مووسڵ دەبێتە مەترسییەك بۆ ئایندەی تورکیا. وەزیری دەرەوەی تورکیا گوتی (ناکرێ چارەسەرێك بۆ کێشەی مووسڵ بدۆزریتەوە ئەگەر ئینگلیز و کۆمەڵەی گەلان پاراستنی مافی کوردەکان ڕابگەیەنن و بیانەوێ کوردەکانی عێراق دژی تورکیا، ئەو وڵاتەی کە زۆرترین کوردی تێدا دەژی بەکاربهێنن)[٤٢]. مستەفا کەماڵ زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە (مووسڵ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

تورکییه و هیچ شتێك ناتوانێ ئەم حەقیقەتە بگۆڕێ، هەتا بەسەر نێزمش. ئێمە داوای ویلایەتی مووسڵی کۆن هەمووی دەکەین کە کەوتۆتە کەناری دیجلە جا ئەگەر لەژێر ئینتیداب بێ یان نا، ئێمە هەرگیز واز لە مووسڵ ناهێنین)[٤٣]. بەڵام دواجار کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ ی دیسامبەری ١٩٢٥، لە دانیشتنی (١٥) هەهەمی دەورەی (٣٧) دا بەمجۆرە پرسی ویلایەتی مووسلی یەکلاییکردەوە و بڕیاری دا:

١. هێلی سنووریی لەنێوان تورکیا و عێراق هەر ئەو هێلە دەبێ کە بە هێلی برۆکسێل ناونراوە.
٢. حکوومەتی بەریتانیا داواکراوە پەیماننامەیەکی نوێ لەگەڵ عێراق ئیمزا بکات و بیداتە ئەنجومەن کە گەرەنتی مانەوەی ئینتداب بکات بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ.
٣. حکوومەتی بەریتانیا وەك منداتێری عێراق داوا کراوە ئەو ڕێکارانە پێشکەش بکات لەپێناو ئەوەی گەرەنتی ئیدارەی ناوخۆ کە لە راپۆرتی لێژنەی کۆمەڵەی گەلان دا هاتووە بۆ کوردەکان دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیا لە ٢ ی ئاداری ١٩٢٦ یادداشتنامەیەکی وەکو پاشکۆی پەیماننامەی دووەمی لەگەڵ عێراق لەبارەی ئیدارەدانی ناوچە کوردنشینەکان لە عێراق پێشکەش بە سکرتاریەتیی کۆمەڵەی گەلان کرد[٤٤]. تورکیا بە توندی بڕیارەکەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانی لەبارەی چارەنووسی ویلایەتی مووسڵ ڕەتکردەوە و خەریك بوو جەنگ لەنێوان تورکیا و عێراق هەڵبگیرسێ[٤٥]. تورکیا لای وابوو ئەرکی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان سازانە لەنێوان ڕوانگە جیاوازەکان نەك بڕیاردان. لە ١٨ ی شوباتی ١٩٢٦ پەرلەمانی بەریتانیا بە پەیماننامەی نوێی نێوان بەریتانیا و عێراق کە، لە بەغداد لە ١٩ ی کانوونی دووەم بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ ئیمزا کرابوو، بوو ڕازی بوو[٤٦]. ئینگلیز بە وردی چاودێری هەڵوێستی تورکیایان دەکرد و بیریان لە هێنانی سوپا دەکردەوە لە هیندستانەوە بۆ بەرگرتن لە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆسەر ویلایەتی مووسڵ. لە ١ ی دیسامبەری ١٩٢٥ کاتێك سێر ئۆستن چەمبەرلین لەگەڵ بالیۆزی تورکیا لە لەندەن کۆبۆوە و پێی وت کە هێز لەسەر سنووری ویلایەتی مووسڵ مۆل نەدەن. بەریتانیا نەیدەویست وەك ساڵەکانی ١٩٢١-١٩٢٢ بەتەنیا لەبەرانبەر تورکیا بمینێتەوە بۆیە دەیوست لە هاوپەیمانە کۆنەکەی دڵنیابێتەوە و پێوەندییەکانی لەگەڵ فەڕەنسا پتەو بکات. بۆ ئەمە لە ٧ ی دیسامبەری ١٩٢٥ کرۆ، بالیۆزی بەریتانیا لە پاریس چاوی بە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بیرتۆلۆ کەوت لەوەلامی ئەوەی ئایا فەڕەنسا بەتەك تورکیا یان بەریتانیای مەزن دەوەستێ لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگدا، وەلامەکە ئەوەبوو کە فەڕەنسا بەهیچ شێوەیەك دوودڵ نابێ لەوەی لە پشت بەریتانیا بوەستێ، تورکیا لە حیسابدا نییە و بێ توانایە لەوەی هیچ کارێك یان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شتێکی بەسوود بکات، ناتوانێ قورسایی حوکمڕانی هەڵبگرێت و تاقە پسپۆری ئەو تەنیا قەتڵوعامکردنە[٤٧]. بۆ هەمان مەبەست بالیۆزی بەریتانیا لەگەڵ هاوتا ڕووسەکەی لە ١٤ی دیسامبەری ١٩٢٥ کۆبۆوە، بەگوێرەی ئەوەی لە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکاندا بڵاوکرایەوە، بالیۆزی ڕووسیا گوتوویە (هیچ پەیماننامەیەك لەنێوان ڕووسیا و تورکیادا نییە کە ڕووسیا ناچار بکات پشتگیری تورکیا بکات لەکاتی پێشێلکردنی هێلی سنووریی. زیاد لەوەش حکوومەتەکەی نایەوێ دەست لە کێشەیەك ناوخۆیی قورس وەربدات)[٤٨]. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا تورکیا لە گۆشەگیرییەکی تەواو دابوو، لەسەر ئاساتی ناوەخۆش لەناو تەنگژەیەکی ئابووری دارایی خنکێنەری بێ پێشینەدا بوو، کە ڕێگەی لێ دەگرت هیچ سەرەڕۆییەك بکات. تورکیا تەنیا دوو ئەگەری لەبەردەم دا بوو: یان مفاوەزات لەگەڵ بەریتانیا یان چوونە ناو جەنگێك کە ئەنجامەکەی هیچ دیار نەبوو. بەبێ دوودڵی تورکیا ڕێگەی مفاوەزاتی هەڵبژارد.

## تەوەرەی دووەم: سیاسەتی بەریتانیا لەبەرانبەر دیاریکردنی سنووری تورکیا-عێراق (دیسامبەری ١٩٢٥-حوزەیرانی ١٩٢٦).

### ڕێگەی مفاوەزات: هۆکار و ئەنجامەکانی

دوای بڕیارنامەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٦ ی دیسامبەری ١٩٢٥ لەبارەی پێکەولکاندنی ویلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەریتانییەکان دەیانەویست بگەنە ڕێکەوتنێکی دوولایەنە لەگەڵ تورکیا. لەڕاستیدا هەردوولا دەیانەویست ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندی دوانە بدۆزنەوە. لە لایەکەوە تورکیا بەرەو ڕووی کێشەگەلی ناوخۆیی بووبۆوە و لە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەدا لە گۆشەگیرییەکی کارەساتبار دەژیا، بەریتانیای مەزن لەوە دەترسا کە ئەمە وابکات جارێکی تر تورکیا بخاتە ناو باوەشی ڕووسیای سۆڤیەتییەوە[٤٩]. لەسەرێکی ترەوە بەریتانیا لەوە تێگەیشتبوو کە بەبێ مۆرکردنی پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ تورکیا ناتوانێ هەرگیز بەرژەوەندییەکانی لە عێراق بپارێزێت و جگە لەوەش شوێنی ستراتیژی تورکیا لەچوارڕیانی سەرەڕێگەی هندستان و کۆنترۆلی بەسەر زەریای ڕەش و دەرەبەندەکان و زەریای سپی ناوەڕاست، وێستگەیەکی بنەڕەتیی بوو لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەناوچەکە. پرسی کورد هۆکاری سەرەکی نزیکبوونەوەی بەریتانیا و تورکیا بوو. ڕۆبەرت ئۆلسۆن بە جوانی نووسیووە( ئەو خێراییەی کە تورك داواکانی ئینگلیزیان جێبەجێکرد، ئەوە دەگەیەنێ، کە تورکەکان



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

بایەخ بە ئاسایشیان دەدەن و ئەوەش لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی کوردەکانی عێراق نەك لەڕێگەی نەوتەوە)[٥٠]. ئینگلیز دەیوست تورکیا لەڕێگەی پاداشتیی داراییەوە ڕازی بکات و بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیا داوەتی پسپۆرە داراییەکانی تورکیای کرد بۆ چوون بۆ لەندەن. لەنامەیەکی نهێنی، سێر تێرێل وەڵامی سێر لیندسای دەداتەوە (من زۆر لەگەڵتدا هاوڕام کە باڵیۆز زۆر سەرقاڵە بە پرسی کوردەوە، ئێمە دەتوانین جارێکی تر بۆی دووپاتە بکەینەوە کە ئێمە نامانەوێ پڕۆپاگەندە لەودیوی سنوور بۆ دامەزراندنی هیچ دەسەڵاتێکی کوردی بکەین، هەموو ئەوەش کە کردوومانە یان دەمانەوێ بیکەین ئەوەیە ڕێگە بە کوردەکان دەدەین لە دایرەکاندا زمانی کوردی بەکاربهێنن، فەرمانکارەی ناوخۆیی کورد دابمەزرێنین، لەگەڵ ئەوەشدا ئایا بەوە ڕازی دەبێ؟)[٥١].

بۆ ڕێگە خۆشکرن بۆ مفاوەزات لە ١٢ کانوونی دووەمی ١٩٢٦ لیندسای نامەیەکی تایبەتیی بۆ تێرێل نووسیووە و چەند پێشنیازێکی بۆ کردووە بۆ حکوومەتەکەی لەبارەی مفاوەزات لەگەڵ تورکیا.لیندسای ئاماژەی بە نیگەرانیی سیاسەتوانانی تورك کردووە لەبارەی ئەمن و ئاسایشیانەوە زیاتر لە پرسی گەڕانەوەی ویلایەتی مووسڵ. لە چاوپێکەتنێکی لیندسای لەگەڵ عیسمەت پاشا ئەمەی دوایی پێی وتووە (ئەگەر ئێوە سنوورمان زامن بکەن، ئێمەش سنوورتان زامن دەکەین). لەژێر ڕووناکی ئەم قسانەدا لیندسای ئەوە دەخوێنێتەوە کە تورکەکان لە ئاشتی نزیك دەبنەوە و دەیانەوێ پێوەندی دۆستانە لەگەڵ بەریتانیا ببەستن[٥٢]. لە ٢٩ ی کانوونی دووەمی لیندسای چاوی بە سەرۆکوەزیرانی تورکیا و وەزیری دەرەوە دەکەوێت. وەزیری دەرەوە وتی (یەکەمین برگە لە پرسی ئاشتی کە هەڕەشەبێ هەڵویستی کوردییە. ئەو پێشبینی ئەوە ناکات، کە کوردەکانی ئێران هیچ پشێوییەك بنێنەوە، بەڵام لەگەڵ گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر کورد بۆ ژێر دەسەڵاتی نوێی سێیەم، دەشێ زۆر کێشەی بێسنووری لێ بکەوێتەوە)[٥٣]. لیندسای دوای ئەو چاوپێکەتنە تێبینی ئەوە دەکات یەکەمینایەتی بۆ تورکەکان ئەمن و ئاسایشە نەك خاك و نەوت. لەکاتێکدا کە تورکیا لەناوەوە بەهۆی ڕاپەڕینی چەکداریی کوردەوە داڕەتابوو، لەهەمان کاتدا ئیتالیا و یۆنانیش هەڕەشە بوون بەتایبەتی دوای سەردانی مۆسۆلینی بۆ تەرابلوس و بلاوبونەوەی دەنگۆی ئەوەی ئەگەر تورکیا بەردەوام بێ لە چاندنی تۆی پشێوی لە مووسڵ ئەوا پەیمانی داوە پەلاماری ئەنادۆڵ بدات. هەروەها دەشێ یۆنانیش دەست بەسەر تەراقیا و سمیرنادا بگرێت[٥٤]. مانگی نیسانی ١٩٢٦ سەرەتای ڕاستەقینەی مفاوەزات بوو. لیندسای گەڕایەوە لەندەن و لە جانتاکەیدا پرۆژەی ڕێکەوتننامەیەکی پێبوو. چەمبرلین داوای لێکرد هانی تورکەکان بدات لەسەر پرسی ئاسایش و ئاشتیی سەرسنوور. لە ٢١ ی نیسان لیندسای لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆدەبێتەوە و لە سەرەتای نامەکەیدا دەنووسێت (دوێنی وەزیری دەرەوەم بینی و گفتوگۆکانی سنووڕەوتێکی

سەرسورهێنەریان بەخۆیەوە بینووە) وەزیر گوتوویە: (ئەوەی تورکیا دەیەوێ خاك نییە بەڵکو ئاسایشە)[٥٥]. وەزیری دەرەوەی سێ پێشنیازی بۆ لیندسای کردووە کە یەکێك لە پێشنیازەکان بەشداری تورکیا بووە لە نەوتی عێراقی و دابینکردنی نەوت بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو تورکیا ڕێژەیەکیشی لەو نەوتە دەوێ. لیندسای لە نامەی ڕۆژی ٢٢ ی نیسان بۆ چەمبەرلینی نووسیوە کە (بیرۆکەی ئەوەی نەوت بە تورکیا بدەین پێشنیازێکە پێشتر سێر پێرسی کۆکس لە کۆنگرەی ئەستەنبووڵ لە ١٩٢٤ خستبوویە ڕوو بۆیە ئێستا زۆر سەختە ئەم پێشنیازەیان ڕەتبکەینەوە)[٥٦]. لە ٤ ی ئایاری ١٩٢٦ مفاوەزاتی بەریتانیا و تورکیا گەیشتە قۆناغێکی ڕاستی. چەمبەرلین لە نامەیەکدا بۆ لیندسای چرای سەوزی بۆ هەڵکردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکەکان بکەوێتە مفاوەزات لەسەر پرەنسیپی قەبووڵکردنی بەشێك لە داهاتی نەوتی عێراق. هەر لەنامەکەیدا هاتووە کە هەموو کۆششی حکوومەتی بەریتانیا بۆ ئەوەیە تورکیا ڕازی بێت ڕێژەیەکی سەدەی لە داهاتی نەوتی حکوومەتی عێراقی وەربگرێت (وادیارە بۆ حکوومەتی بەرتیانیا ئەوە باشترە ڕێژەکە سەدا (دە) بێ و شیاوی زیادکردن بێت بۆ سەدا (پانزە) ئەوە ئەگەر بە پێویست زانرا و ئەوەش بەدرێژەی ماوەی ئیمتیاز)[٥٧]. دوای چەند ڕۆژ لیندسای وەزیری دەرەوەی تورکیای ڕازی کردووە کە ئەوان پارەکەیان بە کاش وەربگرن. لە برووسکەنامەی ژمارە (١٩) لە ٧ ی ئایار لیندسای پێی وایە، کە ئەم پەرەسەندنەی دوایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەنگانە داراییەی کە حکوومەتی تورکیا تێی کەوتووە، هاوکات لەگەڵ ئەگەری هێرشی ئیتالیا. لیندسای دەنووسێ کە دەکرێ ڕێکەوتنێك بە پارە بکردرێت بە نرخێك لەنێوان سێسەد هەزار یان پێنجسەد هەزار پاوەنی ئیسترەلینی بێت[٥٨]. لە ٢٨ ی ئایار لیندسای لەسەر پرۆژەی ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا ڕازی بوو ، کە بەگوێرەی ماددەی یەکەم هێڵی سنووری نێوان تورکیا و عێراق هەمان ئەو هێڵە دەبێ کە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٢٧ ی سێپتامبەری ١٩٢٥ دەنگی لەسەردا. دوای دوو ڕۆژ وەزیری دەرەوەی تورکیا بە زارەکیی بەڵام بە ڕەسمیی بە لیندسای وتووە کە حکوومەتی تورکیا ڕێژەی سەدا (دە) لە داهاتی نەوت بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ قەبووڵ دەکات[٥٩]. دواجار لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ دوای سووکە دەسکارییەکی زۆر کەم لەو هێڵە سنوورییەی کە کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەسەردابوو، حکومەتی بەریتانیا و عێراق لە لایەك و حکوومەتی تورکیا لە لایەکی ترەوە لەسەر ڕێکەوتننامەی ئەنقەرە ڕێکەوتن[٦٠]. ئەم ڕێکەوتنامەیە کە (١٨) بەندە هەر هەمووی بەسەریەکەوە پەیوەستە بە پاراستن و ڕاگرتنی ئاسایشی سنوور، کە پەیوەستن بە پرسی کوردەوە و شایانی گوتنە ئەم هێڵە سنوورییە تاوەکو ئەمڕۆ هەر وەکو خۆی ماوەتەوە. ڕاستییەکەی ڕێکەوتنی ئینگلیز و تورکیا مانای جیاوازی هەبوو بۆ ئینگلیز و تورکیا و عێراق و کورد. بۆ ئینگلیز گەرەنتییەك بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی، بۆ تورکیا لەناوبردنی پرسی کورد و بۆ عێراق ڕێکەوتنێکی پڕ قازانج و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

بۆ کوردەکانی عێراقیش واتای زیندانێکی گەورە بوو کە بەریتانیا ناوی نا (دەوڵەتی عێراق).

## ئەنجامەکان:

لە درێژەی ئەو باسەدا بەم ئەنجامانەی خوارە دەگەین:

١. پەیماننامەی دووەمی ئەرزەرۆم (٣١ ی ئایاری ١٨٤٧) کە بە نێوانگیریی ئینگلیز و ڕووسیا مۆرکرا، کۆتایی سەرجەم میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لێکەوتەوە.

٢. لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی سەدەی نۆزدەهەمەوە پرسی کورد لە سیاسەتی ئینگلیز دا تەنیا (گەمەیەك) بووە و ئینگلیز بۆ مەبەستە کۆلۆنیالییەکانی خۆی بەکاریهێناوە.

٣. تا داگیرکردنی بەغدا (١١ ی ئاداری ١٩١٧) بەریتانیا هیچ سیاسەتێکی کوردیی لە بەرنامەدا نەبووە.

٤. لە دانیشتنی ڕۆژی ٣٠ ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ بۆیەکەمجار ناوی کوردستان لە کۆنفرانسی ئاشتی چووە ناو کۆڕی نێودەوڵەتییەوە.

٥. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوەئینگلیز پرسی کوردی بۆخۆی قۆرخ کردبوو و ڕێگەی نەدا هیچ وڵاتێك بیکا بەهی خۆی.

٦. پەیوەندی ئینگلیز و کورد لە دوای داگیرکردنی بەغداوە هیچ بنەوانێکی نەبووە و تەنیا لەیەك نزیکبوونەوەیەکی (کاتیی) بووە بۆ دوو ئامانجی جیاواز. ئینگلیز بۆ دابینکردنی هیلی پشتەوەی بەرەکانی جەنگ و کوردیش بۆ (ئازادی).

٧. بەدیارکەوتنی موستەفا کەمال هەموو پرۆژەکانی ئینگلیزی لەبارەی پرسی کورد سەرەوژێر کردەوە.

٨. ئینگلیز لە کۆنگرەی لۆزان لەبەر ڕازیکردنی دڵی تورکیا ئامادەنەبوو ستاتووی (کەمەنەتەوە)ش بە کورد ببەخشێت وچاوی لە هەموو خواستێکی کورد قوچاند.

٩. لە قۆناغی پۆست لۆزان خەمی هەرەگەورەی ئینگلیز بەستنەوە و شەتەکدانی کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ بوو بە عێراقی تازە دروستکراو.

١٠. لە کۆنگرەی ئەستەنبووڵەوە ئینگلیز بەهیچ جۆرێك ناوی کورد ناهێنێت و هەموو قورسایی عەسکەریی و دیپلۆماسی ئینگلیز بۆ ئەوە بووە قەوارەی عێراق دروستبکات و کوردیش ڕابکێشتە ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراق.

١١. له ململانێی نێودەوڵەتیی لەسەر ویلایەتی مووسڵ ئینگلیز براوەی یەکەم بوو و توانی پرسەکە بەقازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاربهێنێت.

١٢. دوای ئەوەی لەرێگەی ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بەریتانیا توانی شەرعیەت بەو هێڵە سنوورییە بدات کە خۆی دەیویست، ئەمجارە هەموو قورسایی دیپلۆماسی خۆی خستە کار تا لەرێگەی پێدانی بەشێك لە داهاتی نەوتی عێراق تورکەکان ڕازی بکات.

١٣. سیاسەتی ئینگلیز لەرێگەی پێدانی بەشێك لەداهاتی نەوتی عێراق (سەدا دە) بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ بۆ تورکیا، ئینگلیز توانی پایەکانی دەوڵەتی تازە لە دایکبووی عێراق رابگرێت و کوردیش بخاتە ناو ئەو قەفەزە ئاسنینەوە کە ناونرا (عێراق)

١٤. رێکەوتنامەی تورکیا و بەریتانیا لە ٥ ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لە گۆڕنانی هەموو خواستێکی کورد و گەڕانەوەی پرسی کورد بوو بۆ خاڵی سفر.

پەڕاوێز:

---

(1) BDIC, F 105 Rès. *(Conférence de la paix: Recueil des Actes de la Conférence),* -Secret- Partie I, Paris, 1934, pp. 29-31.

(٢) بۆ کەسێك بیەوێ زانیاریی بەداوێنتر لەبارەی ئەم قۆناخەوە بزانێت دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر:

Najat ABDULLA, Empire, frontière et tribu: le Kurdistan et le conflit de frontière turco-persan (1843-1932), Ed, Ministère de culture et Binkey Jin, Erbil, Kurdistan, 2013, pp :323-444.

(3) Heinrich Triepel, *Nouveau recueil général de traités et autres actes relatifs aux rapports de droit international*, Tom XIII, Première livraison, Leipzig, 1924, p. 345

(4) Arnold J. Toynbee, *Survey of International affairs 1925,* Ed. Oxford University Press, London, 1927, p. 496.

(5) Minorsky, V, «The Mosoul question», In Reference service on International Affairs of the American Library in Paris,N° 9-10, April 15, 1926., p. 13.

(6) Société des Nations, *Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak, (rapport présenté au Conseilpar la Commission constituée en vertu de la résolution du 30 Septembre 1924),* Genève, 1925, p. 79.

(7) Société des Nations...*op.cit.*, p. 79.

(8) Société des Nations..., *op.cit.,* p. 79.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(9) Société des Nations..., *op.cit.*, p. 80.

(10) « Affaires extérieures : II Turquie et Angleterre », In *BPPT*, n° 35, Lundi 14-mercredi 16 juillet,1924, Paris, p. 5.

(11) Société des Nations…*op.cit*., p. 80.

(12) *Ibid*.,p.80.

(13) V. Minorsky…*op.cit.,* p. 13.

(14) « Affaires extérieures : II Turquie et Angleterre …*op.cit*., p. 5.

(١٥) بيار مصطفى سيف الدين، السياسات البريطانية تجاه تركيا وآثارها في كردستان، ١٩٢٣-١٩٢٦، منشورات سبيريز،٢٠٠٤، ص ١٧١.

(١٦) نفس المصدر السابق، ص ١٧١.

(17) Cecil John Edmonds,...*op.cit*., p.387 ; Frontière entre la Turquie et l'Irak.Interprétation de la décision du Conseil en date du 30 septembre 1924, *Journal Officiel*, N° 11, 5èmeannée, novembre 1924, p. 1650.

(١٨) فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية الانكليزية التركية وفي الرأي العام، بغداد، ١٩٧٥، ص٥٢.

(19) Turquie et Angleterre, In BPPT, n° 36, mercredi 22-Jeudi 25 octobre 1924, p. 9.

(20) Musul-Kerkük ile ilgili Arsiv Belgeleri (1525-1919) [Archive Documents Related to Mussoul Kirkuk (1525-1919)] Turkish Prime Ministry General Directorate of State Archives Musul-Kirkuk, p. 44.

(21) Henry Albert Foster, *The making of modern Irak: A product of World forces,* First Ed. 1935,(Reissued 1972), pp. 154-155.

22 « La question de Mossoul et la Société des Nations », In *L'Asie française*, n° août-septembre 1925, p.285 ; V. Minorsky,…*op.cit.*, p. 14.

(23) « Frontière entre la Turquie et l'Irak : Interprétation de la décision du Conseil en date du 30septembre 1924 »,*Journal Officiel*, N° 11,5ème année, novembre 1924, p. 1654.

(24) V. Minorsky…*op.cit.,* p. 14.

(25) Cecil John Edmonds, *Kurds, Turks and Arabs ...op.cit*., p. 387.

(26) Arnold J.Toynbee, *Survey of International affairs 1925,* Ed. Oxford University Press, London, 1927 p.501.

(27) Arnold J. Toynbee, *Survey of International affairs 1925, Ibid*, p. 501.

(٢٨) بيار مصطفى سيف الدين، السياسات البريطانية تجاه تركيا وآثارها في كردستان، ١٩٢٣-١٩٢٦، منشورات سبيريز،٢٠٠٤، ص ١٨٥.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

(29) AMEA, Sous-série : La Société des Nations, sous série IF Mandats - Irak Généralités (Question deMossoul), n° 601, octobre 1924- août 1925. Télégramme de l'ambassadeur de France en Turquie Mangin,n°56, Angora, le 18 octobre 1924.

(30) « Frontière entre la Turquie et l'Irak. Interprétation de la décision du Conseil en date du 30 septembre1924 », *Journal Officiel*, N° 11, 5ème année, novembre 1924, p. 1649.

(31) « Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak. Interprétation de la décision du Conseil en date du30 septembre 1924 : frontière provisoire entre les territoires occupés et administrés par les deuxgouvernements intéressés ». In Journal Officiel, N° 11, 5ème année, novembre 1924, p. 1659.

(32) Société des Nations,... *op.cit*, p. 5.

(33) V. Minorsky,…*op.cit.*, pp. 15-16.

(٣٤) ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە ١٦، ١٩ ی شوباتی ١٩٢٥.

(35) Cecil John Edmonds...*op.cit.*, p. 402.

(36) Société des Nations...*op.cit.*, p. v.

(37) « La question de Mossoul et la Société des Nations », In *AF*, n° 232, vingt-cinquième année, juin1925, p. 286.

(38) Mim Kemal Öke, *A chronology of the Mosul question 1918-1926*, Istanbul, 1991, pp. 59-60.

(39) Louis le Fur, « L'affaire de Mossoul », In *Revue Générale de Droit International Public*, 1926, (Tiréà parts), 1927, p. 14.

(40) FO: 424/263, Further Correspondence. Part X, 1925, July-Dec*, Mr. Hoare to Mr. AustenChamberlain*, N° 511Confidential, Therapia, June 30, 1925.

(41) Mim Kemal Öke...*op.cit.,* p. 64.

(42) Robert Olson....*op.cit.*, p. 133.

(43) Henry Albert Foster....*op.cit.*, p. 175.

(44) AMEA, Sous-série : La Soci.....*op.cit.*,

بۆ تێکستی تەواوی یادداشتنامەکەش بڕوانە پاشکۆی نۆیەم

(45) Henry Albert Foster....*op.cit.*, pp. 175-176.

(46) Léon Crutiansky, la question de Mossoul devant le Conseil de la Société des nations, thèse dedoctorat, Université de Paris, 1927, P. 83; Arnold J. Toynbee...*op.cit.,* p.521

(47) The Marquees of Crewe (Paris) to Sir A. Chamberlain, n° 482 Telegraphic (Telegrams 44), Paris,Decembre 7, 1925, In *Documents on British Foreign Policy*, Document n) 545, *Ibid.*, p. 787; Mim KemalÖke,...*op.cit.,* pp. 71-72.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

(48) Sir W. Tyrrell to Sir R. Lindsay (Constantinople), N° Telegraphic (E 7773/32/65), In *Documents onBritish Foreign Policy*. Foreign Office, December 19, 1925, *Ibid.*, p. 791.

(49) Arnold J. Toynbee ...*op.cit.,* p. 525.

(50) Robert Olson....*op.cit*., pp. 148-149.

(51) Sir W Tyrrell to Sir.R. Lindsay, document n° 554, *Documents on British Foreign Policy*. *Ibid*, p. 797.

(52) Letter from Sir R. Lindsay to Sir.W. Tyrrell, Document n° 557, (E 489/62/65), *Documents on BritishForeign Policy*. *Ibid*, p. 802.

(53) Sir R. Lindsay to Sir A. Chamberlain, (E 676/62/65), Document n° 561, *Documents on BritishForeign Policy*. *Ibid*, p. 806.

(54) Henry Albert Foster...*op.cit*., p. 176.

(55) Sir R. Lindsay (Angora) to Sir A. Chamberlain, n° 2 Telegraphic(E 2555/62/65), Document n° 578,April 21,1926, *Documents on British Foreign Policy*, *Ibid*, p. 832.

(56) Sir R. Lindsay (Angora) to Sir A. Chamberlain, n° 4 Telegraphic (E 2574/62/65), Document n° 579,

April 22, 1926, *Documents on British Foreign Policy*. ibid, p. 835.

(57) Sir A. Chamberlain to Sir R. Lindsay (Angora), n°14 Telegraphic (E 2788/62/65), Document n° 584,

Foreign Office, May 4, 1926, *Documents on British Foreign Policy*, *Ibid*, p. 840.

(58) Sir R. Lindsay (Angora) to Sir A. Chamberlain, n° Telegraphic (E 2859/62/65), Document n° 586,

Angora, May 7, 1926, *Documents on British Foreign Policy*, *Ibid*, p. 842.

(59) Sir R. Lindsay (Angora) to Sir A. Chamberlain, n° 43 Telegraphic (E 3291/62/65), Document n° 590,Angora, May 30, 1926, *Documents on British Foreign Policy*, *Ibid*, p. 844.

60 Cf. le texte anglais et français de ce traité in MAE, La Société des Nations, sous série IF Mandats(Irak Généralités (question de Mossoul), n° 604 - juin 1926-novembre 1929. (Turkey, N° 1 (1926) Treatybetween The United Kingdom and Irak and Turkey).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەكۆلینێن كوردی

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە ئەرشیڤییەکان


1-BDIC, F 105 Rès. *(Conférence de la paix: Recueil des Actes de la Conférence),* -Secret- Partie I, Paris, 1934.

2-FO: 424/263, Further Correspondence. Part X, 1925, July-Dec*, Mr. Hoare to Mr. AustenChamberlain*, N° 511 Confidential, Therapia, June 30, 1925.

3-AMEA, Sous-série : La Société des Nations, sous série IF Mandats - Irak Généralités (Question deMossoul), n° 601, octobre 1924- août 1925. Télégramme de l'ambassadeur de France en Turquie Mangin,n°56, Angora, le 18 octobre 1924.

4-Document on British Foreign Policy, 1919-*1939*, Ed. By E.L. Woodward, Rohan Butler, Series, Vol. XIII, London, His Majesty's Stationary Office, 1963.

5-Musul-Kerkük ile ilgili Arsiv Belgeleri (1525-1919) [Archive Documents Related to Mussoul Kirkuk (1525-1919)] Turkish Prime Ministry General Directorate of State Archives Musul-Kirkuk.


### کتێب و چاپکراوەکان


1- Heinrich Triepel, *Nouveau recueil général de traités et autres actes relatifs aux rapports de droit international*, Tom XIII, Première livraison, Leipzig, 1924.

2- Arnold J. Toynbee, *Survey of International affairs 1925,* Ed. Oxford University Press, London, 1927.

3- Edmonds, Cecil John, Kurds, *Turks and Arabs, Travel and research in North-Eastern Iraq1919-1925,* Ed. Oxford University Press, London, 1957.

4- Henry Albert Foster, *The making of modern Irak: A product of World forces,* First Ed. 1935,(Reissued 1972).

5- Mim Kemal Öke, *A chronology of the Mosul question 1918-1926*, Istanbul, 1991.

6- Louis le Fur, « L'affaire de Mossoul », In *Revue Générale de Droit International Public*, 1926, (Tiréà parts), 1927.

7- Olson, Robert,*The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880-1925*,Ed. University Texas Press, First Edition, 1989.

8- Foster, H, A, *The making of modern Iraq: A product of World forces,* First Ed. 1935, Reissued-1972.

9- Léon Crutiansky, la question de Mossoul devant le Conseil de la Société des nations, thèse dedoctorat, Université de Paris, 1927.

10- Société des Nations, *Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak, (rapport présenté au Conseilpar la Commission constituée en vertu de la résolution du 30 Septembre 1924),* Genève, 1925.

١١- فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية الانكليزية التركية وفي الرأي العام، بغداد، ١٩٧٥

١٢- بيار مصطفى سيف الدين، السياسات البريطانية تجاه تركيا وآثارها في كُردستان، ١٩٢٣-١٩٢٦، منشورات سبيريز،٢٠٠٤

## رۆژنامە و گۆڤار

1- Minorsky, V, «The Mosoul question», In Reference service on International Affairs of the American Library in Paris, ° 9-10, April 15, 1926.

2- Turquie et Angleterre, In BPPT, n° 36, mercredi 22-Jeudi 25 octobre 1924.

3- « La question de Mossoul et la Société des Nations », In *L'Asie française*, n° août-septembre 1925.

4- « Frontière entre la Turquie et l'Irak : Interprétation de la décision du Conseil en date du 30septembre 1924 »,*Journal Officiel*, N° 11,5ème année, novembre 1924.

5- « Frontière entre la Turquie et l'Irak. Interprétation de la décision du Conseil en date du 30 septembre1924 », *Journal Officiel*, N° 11, 5ème année, novembre 1924.

6- « Question de la frontière entre la Turquie et l'Irak. Interprétation de la décision du Conseil en date du30 septembre 1924 : frontière provisoire entre les territoires occupés et administrés par les deuxgouvernements intéressés ». In Journal Officiel, N° 11, 5ème année, novembre 1924.

7- « La question de Mossoul et la Société des Nations », In *AF*, n° 232, vingt-cinquième année, juin1925.Ed. University Texas Press, First Edition, 1989.

- رۆژنامەی (ژیانەوە)، ژمارە ١٦، ١٩ ی شوباتی ١٩٢٥.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# السياسة البريطانية تجاه تركيا: الكرد ونهاية قضية الموصل: (يوليو ١٩٢٣ - يونيو ١٩٢٦).


## الملخص:

في معاهدة لوزان (٢٤ يوليو ١٩٢٣) بقيت قضية ولاية الموصل بدون حل، لكنها فتحت باب المفاوضات الثنائية التركية- الانجليزية. الانجليز بدءوا بعد معاهدة لوزان بتولي المسؤلية بالحاق الكرد في ولاية الموصل مع الدولة العراقية الجديدة. فيما يتعلق بقضية الموصل أصرت تركيا على فكرة إجراء استفتاء لتسوية القضية ولكن هذة الفكرة كان يرفضها البريطانيون بشدة. بعد أن وصلاالجانبان في مفاوضاتهم إلى طريق مسدود، وقبل شهر واحد من انتهاء المهلة التسعة أشهر المتاحة من قبل معاهدة لوزان ، تولت بريطانيا العظمى وضع القضية أمام مجلس عصبة الامم. بعدها اصبح وضع المناطق المتنازع عليها مسرحاً للحروب والمنازعات العسكرية. أراد الاتراك كسب ما خسروه من خلال المفاوضات في مؤتمر اسطنبول من أجل احتلال المناطق المتنازع عليها قبل أن يحسمها مجلس عصبة الامم. طالب الانجليز بتسوية قضية الحدود التركية- العراقية بينما الاتراك كانوا يطالبون باسترجاع ولاية الموصل الي تركيا. في ٢٧ أكتوبر ١٩٢٤ وفي ظل استمرارية المنازعات الحدودية طلبت بريطانيا العظمى عقد اجتماع استثنائي لمجلس عصبة الامم في بروكسل. بعد يومين تبني المجلس خطاًللحدود المشهورةبخط بروكسيل وعلاوة علي ذلك تبني المجلس أيضاً بتشكيل لجنة للتحقيق والذهاب على الفور للتقصي من الحقائق ودراسة المناطق الحدودية المتنازع عليها عن كثب. تركيا رفضت ترسيم خط بروكسل وأصبحت المنطقة من جديد مسرحاً للحرب والتوتر والصراع المسلح. بعد عودة لجنة تقصي الحقائق لعصبة الامم وعرض أعمالها امام المجلس. كانت تقريرها لاسباب استراتيجية واقتصادية مؤيداًلالحاق ولاية الموصل بالعراق مع الاحتفاظ ببعض الحقوق الثقافية للشعب الكردي. نحاول من خلال هذه الدراسة اظهارأطروحات كلاالجانبين ومكان المسالة الكردية في اتون هذا الصراع الدولي. وأخيراً في ٥ يونيو ١٩٢٦ وفي اتفاق أنقرة، وضعت بريطانيا وتركيا حداً لصراعهما الذي دام (٤) سنوات. ومنذ ذلك التاريخ ، كانت كردستان منقسمة وأصبح الاكراد في تركيا "أتراكًا جبليًا" ، وفي إيران "ما زالوا دومًا الايرانيين" ، وفي سوريا "السوريون بلا جنسية" وفي العراق "السكان الشماليون للعراق"



***الكلمات الدالة:** تركيا، كرد، بريطانيا، ولاية الموصل، عراق.*





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# British policy towards Turkey: Kurds and the end of Mosul issue: (July 1923-June 1926).


## Abstract:

In the Treaty of Lausanne (July 24, 1923) the question of vilayet of Mosul remains without regulation but opens the voice of Turkish-English bilateral negotiation. The English after the Treaty of Lausanne took up the question of linking the Kurds of vilayet Mosul by the new state of Iraq. Turkey insists on a referendum to settle the Mosul issue and the British firmly rejects it. Having reached an impasse in their negotiations, one month before the nine-month period given by the Treaty of Lausanne came to an end; Great Britain took the charge of putting the matter before the League of Nations. The situation of the disputed regions becomes the scene of wars and ambushes. The Turks wanted to gain what they lost through negotiations in order to occupy the disputed areas before a solution was put in place by the League Council. The English demand to settle the Turkish-Iraqi border issue while the Turks still ask to cross the vilayet of Mosul. On October 27, 1924 Great Britain asked for an extraordinary meeting for the League of Nations Council in Brussels. Two days after the council adept a border line says the line of Brussels and more to form a commission of inquiry to go on the spot for the verification of the facts and the situation of the disputed border regions. But Turkey rejected the line of Brussels and once the region became the theater of war and the tension of the armed conflicts. After the return of the League of Nations commission and presented his work. The commission report for strategic and economic reasons was in favor of the annexation of vilayet Mosul by Iraq subject to keeping certain cultural rights for the Kurdish people. This study tries to show the theses of each party and the place of the Kurdish question in the arena of this international conflict. Finally on June 5,1926 in the Ankara agreement, Britain and Turkey put an end to their four-year conflict. From that date, Kurdistan was divided and the Kurds in Turkey became "mountain Turks", in Iran "remaining as always Iranians", in Syria "Syrians without nationality" and in Iraq "the northern population of Iraq.



***Keywords:*** *Turkey, Kurd, British, Mosul, Iraq.*